## پێشەکی مامۆستای بەڕێز:
## الشيخ الدكتور عبد اللطيف أحمد

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله.

وبعد، خوای پەروەردگار! سەرەتا خۆم داوای لێخۆشبونت لێدەکەم ودەگەڕێمەوە بۆلات، ئەی پەروەردگارم! گەڕانەوە و تەوبەکەم لێ قبوڵ بکە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت...

هەروەها داواش لە گشت موسڵمانان دەکەم کە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خوای پەروەردگار، بۆ ئەوەی سەرفراز وخۆشحاڵی دونیا وقیامەت بن.

بەڕاستی ئەم نامیلکەیەی کە مامۆستای بەڕێز: «علی خان» کردویەتیە کوردی بە سودە، وئامۆژگاریم بۆ چاك و خراپ ئەوەیە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بە خۆیاندا بچنەوە وزووتر وباشتر بگەڕێنەوە لای خوای پەروەردگار.

وە وریابن لە دواخستنی تەوبە وگەڕانەوە بۆلای خوای خۆیان، نەوەکا مردن یەخەیان پێ بگرێت پێش تەوبەکردن ودوایی پەشیمانی دادیان نادات.

خوا لە هەموو لایەکمان ببورێت وبە باشی بمان گێڕێتەوە لای خۆی .

خوا پاداشتی مامۆستا «علی» بداتەوە لەسەر ئەم خزمەتەی.

والحمد لله وصلى الله وسلم على رسول الله.

والسلام عليكم ورحمة الله.

أبو عبدالحق عبداللطيف أحمد

سێ شەمە ٢٠١٠/٦/٢٩

# پێشەکی مامۆستای بەڕێز: مامۆستا خلیل ئەحمەد

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خودا، درود ورەحمەت وسلاوی بێ پایان بۆ سەرگیانی پاکی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، وبۆسەر گیانی خزمانی ئیماندار وخێزان ویارو یاوەران وشوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

پاشان: تاوان وسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار کارێکی خراپ وزیانبەخش وکوشندەیە بۆ ژیانی دونیا ودوارۆژی مرۆڤەکان، هەر تاوانە گۆڕانکاری سەلبی بەسەر سروشتی دڵ وجەستە وهەڵسوکەوت ورەفتار وژیان وگوزەرانی خەڵکدا هێناوە! هەر تاوان نەبوو ئیبلیسی لە پەرستشکاری خوا دەرپەڕاند ولە ڕەحم وسۆزی خوا دوورخرایەوە؟! هەر تاوان نەبوو «ئادەم و حەوا» ی لە ماڵی خۆشبەختی بەهەشت مەحروم وبێ بەشکرد ورەوانەی ژیانی سەرزەوی پڕ لە مەینەت کرد؟! هەر تاوان نەبوو پەروەردگاری بە ڕەحمی تورەکرد تا سەرزەوی بە ئاوی سزا بخنکێنێت؟! خۆ مەپرسە لە قەومی لوط کە بە ئاژەڵەکانیشیانەوە بەرزی کردنەوە بۆ ئاسمان وتەنانەت فریشتەکان گوێیان لە دەنگی وەڕینی سەگەکانیان بوو، پاشان سەروژوری کردن ولە ناوی بردن؟! هەروەها سزای فیرعەون وباقی نەتەوەکانی تری بەنی ئیسرائیل لای بەڕێزتان شاراوە نیە!

کەوابوو ئەبێت خۆپارێز ولەخواترس ورەفتار جوان بین ومافی خوا وخەلك بەجوانی جێ بەجێ بکەین وسەرپێچی فەرمانەکانی خوا نەکەین، وئەگەر هەڵە وتاوانیشمان کرد دەست بەجێ پەشیمان ببینەوە وتەوبە بکەین ونائومێدیش نەبین لە بەخشین و لێبوردەیی خوا، وهەمیشە بڵێین: «اللّهُمَّ إنّ ذُنُوبي عِظامٌ وَهِيَ صَغِيرٌ فِي جَنْبِ عَفْوِكَ يا كَرِيم! فَاغْفِرْها لِي». خودایە بەڕاستی تاوانەکانی من گەورەن بەڵام لە پاڵ لێبوردەیی تۆدا بچوکن، ئەی خوای گەورە لەوانەم خۆشبە.

بەڕاستی مافەکانی خوا لەوە گەورەترن بەندەکان بتوانن پێی هەستن، نازونیعمەتەکانی لەوە زۆرترن بێنە ژماردن، بەڵام وا پێویستە بۆ ئێمە بە بەیانیانەوە، بە ئێوارانەوە، لە هەموو کاتێکدا تەوبەکاربین.

جا ئەم کتێبەی بەردەستتان هەوڵێکە لە لایەن بەڕێز: «مامۆستا عەلی خان»ەوە بۆ زیاتر دامەزراندنی موسڵمانان لەسەر تەوبەکردن وگەڕانەوە بۆلای خوا ودوورکەوتن لە داخوازیەکانی نەفس وشەیتان. خوای گەورە پاداشتی خەیریان بداتەوە ولە هەموو خراپەیەك بیانپارێزێت.

وداواکارم خوێنەری بەڕێز سودمەند بێت بە زانین وکردەوە پێکردنیان. وصلی الله علی محمد وآلە وصحبە وسلم.

**خوێنەری ئازیز ..**

ئەمە چاپی پێنجەمی نامیلکەی: «چۆن تەوبە بکەم؟»ـە، کە خۆی لە بنەڕەتدا نامیلکەی: «كَيْفَ أَتُوب»ی «دار الوطن» و لە مەتویەیەکی بچوك پێکهاتوە، لە بارەی چۆنیەتی تەوبەکردنەوە.

سەرەتا بەڕێز م.جەلیلی سایتی بەهەشت داوای لێکردم بابەتی ناوبراو وەربگێڕم، چونکە بەشێك لە سایتەکەی تەرخان دەکات لە بۆ باسی تەوبەکردن، منیش لەبەر بەجێگەیاندنی واجبی سەرشان و پڕکردنەوەی بۆشایی و گرنگی بابەتەکە و خۆشی ئوسلوبی دانەرەکەی، ڕۆیشتم بە دەم داواکاریەکەی بەڕێزیەوە، پاشان جەنابی مامۆستا عەبدوللەتیف و مامۆستا خەلیل ئەحمەد خوای مەزن پایەدار و پارێزراویان بکات -سەرباری سەرقاڵی و مەشغەڵەتیان- ئەرکیان کێشا و پێداچونەوەیان بۆ کرد، فبارك الله في عمرهما وجزاهما الله عنا وعن الإسلام والمسلمين خير الجزاء.

ئیتر م.جەلیلیش ناوە ناوە و بەپێی خواستی خوێنەران هەڵدەستا بە چاپکردنەوەی -خوا پاداشتی خێری بداتەوە-.

بەڵام ئەمجارەیان دوای ئەوەی داوای لێکرابوو -هەروەها پەیوەندیشیان بە خۆمەوە کرد و داوایان لە خۆشم کرد- جارێکی تر بە چاپ بگەیەنرێتەوە. ئاگاداری کردمەوە و منیش پێم باش بوو بەڵام حەزمەدەکرد پێداچونەوەیەکی بکرێ و هەندێك دەستکاری و زیاد و کەمی لێبکرێ، تا خوا فەزڵی بەخشی و دەرفەتی بۆ ڕەخساندین و ئەم نامیلکەیەی بەردەستی لێدەرچو، کە بە پشتیوانی و تەوفیق و عەونەتی خوای منەت بەخش ئەوەی کە بۆی زیادکرا گەیشتە زیاتر لە دوو ئەوندەی ئەسڵەکەی خۆی.

جا لەبەر ئەوەی خوای مەزن لە قورئاندا فەرمان دەکات بە سەرجەم موسڵمانان کەوا تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە، و ئەفەرموێ: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١﴾ [النور:٣١] ، واتە: «تەوبە بکەن هەموتان ئەی ئیمانداران بەڵکو سەرفراز بن».

هەروەها بەندەکانی کردۆتە دوو بەشەوە: تۆبەکار و ستەمکار، و هەرگیز سێیەمی بۆ نیە، دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١١﴾ [الحجرات:١١]، واتە: «و هەرکەسێك تەوبە نەکات، ئا ئەوانەن ستەمکارەکان».

هەروەها لەم ڕۆژگارەشماندا، خەڵك زۆر لە ئاینەکەی خوای گەورە دورکەوتونەتەوە، دەبینی سەرپێچی و خراپە و فەساد هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، تەنانەت وای لێهاتووە یەکێك نەماتەوە پرشی خراپەی بەر نەکەوتبێ، مەگەر ڕەحمی خوا.

بەڵام سوپاس بۆ خوا کۆمەڵێکی باش لە خەوی بێ ئاگایی و تاوان بێدار بوونەتەوە و هەستیان کردوە کە چەند کەمتەرخەمن لە ئاست خوای میهرەبان، بۆیە پەشیمان بوونەوە، هەندێکی تریش بێزار بوون لە ژیانی تەنگی و

## چیرۆکی ئەحمەدی تۆبەکار

باسی چیرۆکی کۆن ناکەین، بۆ ئەوەی کەس نەڵێ:

ئەوە سەردەمی رسول الله بوە -صلی الله علیه وسلم-.

ئەوە سەردەمی صەحابە بوە -ڕەزای خوایان لێبێت-.

ئەوە سەردەمی پیاوچاکان بوە ڕەحمەتی خوایان لێبێت.

باسی سەردەمی خۆمان دەکەین:

شیخێك[١٢] کە خەڵکی ولاّتی عەرەبستانە، بۆ هەندێ کار و باری خۆی سەفەر دەکات بۆ یەکێك لەو ولاّتانەی دەوروبەری خۆیان، دوای تەواوبونی کارەکانی کە ڕۆژێك دەخایەنێت، بە مەبەستی گەڕانەوە بەرەو فڕۆکەخانە دەکەوێتە ڕێ، لەبەر ئەوەی سەفەرەکەی زۆر ماندوی کردوە، پشویەك دەدات لە ناو مزگەوتی فرۆکەخانەکەدا، ئەڵێ: خەوتم و ئاگام نەبوو تا نزیك نوێژی نیوەڕۆ لە گریانی گەنجێکدا بەخەبەر هاتم کە خەریکی نوێژکردن بو، تەمەنی لەسەروی بیستەوە ولەخوار سیەوە بو، بە کوڵی دەگریا، وەکو گریانی ئافرەتێك بە پێش چاویەوە مێردەکەی لە دەست بچێت، وەکو دایکێك بە پێش چاویەوە جگەر گۆشەکەی تیا بچێت، هاتە پێشەوە و بێداری کردمەوە، ووتی: تۆ خەوت لێدەکەوێ؟! دەتوانی بخەوی؟! وتم: بەڵێ، وتی: بەلاّم من خەوم لێناکەوێ، ناتوانم بخەوم، ناتوانم تامی خەو بچەژم. منیش وتم: خێرە، با نوێژەکەمان بکەین پاشان پێکەوە قسە دەکەین ﴿لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا﴾، ئەڵێ: کە نوێژمان تەواو کرد، وتی: من خەڵکی «ریاز»م[١٣]، لەخێزانێکی دەوڵەمەندم، خۆشگوزەرانم، حەزمان لە هەرچی بێت دەیکەین، حەزم کرد لە ژیانی ڕۆژانە و ئەو ژیانەی کە عادەتیە و هەمو ڕۆژێك دوبارە دەبێتەوە بێزار بوم، حەزم کرد جەوێك بگۆڕم، سەفەرم کرد بۆ ئەم وولاّتەی کە ئێستا من و تۆ لە فڕۆکەخانەکەی دانیشتوین، لەگەڵ هەندێ برادەری خراپ سەفەرم کرد، مەبەستیشم ئەوە نەبو توشی داوێن پیسی ببم، بەڵکو تەنها بۆ ڕابواردن وبەسەر بردنی کاتێکی خۆش بو، بەلاّم برادەرە خراپەکانی دەوری دەگرن، وازیان لێنەهێنا لەم شوێن بۆ ئەو شوێنی خراپ، هەتا بەرە بەرە لە پێشەکیەکانی زینا نزیکیان کردەوە، لەگەڵ ئافرەت وکیژۆڵەی جوان دایاننا، تا ئەوەبو لەگەڵ یەکێکیان تەنها کەوت و پاش قسەی خۆش کردن و یاری کردن، توشی فاحیشە هات، و هەرچی شەهوەتی هەبوو بەتاڵی کرد، گەرمی تاوان بەر لاشەی کەوت، وەکو قامچی لە دڵی دەدا، لە پشتی دەدا، ئاگر بەربو لە گیانی، هاواری کرد: چۆن ئەم کارەم کرد؟ چۆن ئەو پەرژینەم شکاند؟ من ئیتر مەحروم دەبم لە حۆریەکانی بەهەشت! دەستی کرد بە گریان و بەرەو دەشت کەوتە ڕێ، تەماشا دەکات ئەوە یەکێکە لەو خراپەکارانە لە دەرەوە وەستاوە، وتی: بۆ دەگریت؟ وتم: ئەزانی چیمکرد من زینام کرد، من زینام

---

[١٢] مەبەستم لە شێخ لەم کتێبەدا مامۆستای مزگەوتە، ئەو کەسەیە کە زانایە یان شارەزای شەرعی هەیە، نەك ئەوەی کە لە ولاّتی خۆماندا پێیان دەڵێن شێخ، مەبەستم جۆری یەکەمە نەك دوەم.

[١٣] پایتەختی عەرەبستانە.

کرد!! ئەو خراپەکارە پێی ووت: ها بگرە ئەوە پەرداخێکی مەیە بیخۆرەوە هەموو شتێکت لە بیر دەچێ!!! دەڵێ وتم: هەر وازم لێناهێنن لە حۆریەکان بێ بەشتان کردم، ئەتانەوێ لە مەی بەهەشتیش مەحرومم بکەن.

پاکی بۆ ئەو خوایەی دڵەکان دەگۆڕێت! تۆزێك پێش ئێستا زیناکار بو، ئێستا دەگری وپەشیمانە.

پاشان ئەو خراپەکارە چی پێدەڵێ؟ پێی دەڵێ: «گوێی مەدەرێ خوا غفور و رحیمە. بەلاَم لە بیری چوو کە «شدید العقاب»یشە. ئەڵێ: زۆر گریا و وتی: خۆگە پارەکەمیان ببردایە، نەك دین و ئیمانەکەمیان بشکاندایە. لەو کاتەوە خەوم لێناکەوێ، دڵتەنگم چاو بە گریان، ئیسراحەتم لێبڕاوە.

ئەڵێ: منیش ووتم: ئایەتێکت بۆ دەخوێنمەوە وگوێ بگرە بەڵکو سودت پێبگەیەنێت، واللە هیچ ئایەتێك لە قورئان نابینم ئومێد دارتر بێت، پڕ هیواتر بێت لەو ئایەتەی کە خوای میهرەبان دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ واتە: «ئەی ئەو بەندانەم کە ڕۆچون لە گوناهو تاوان، بێ ئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، خوا ڕەحمەتی فراوانە»، ئەڵێ: وتی: خوا لە هەموو کەسێك خۆش ئەبێ لە من نەبێ، من زینام کردووە، دەزانی زینا چیە؟ تۆ قەت لە تەمەنتا زینات کردووە؟! وتم: نە واللە لە تەمەنما زینام نەکردووە، وتی: دەی بۆیە نازانی نارەحەتی زینا چیە؟! ئەڵێ: لەم کاتەدا بوین و لە فڕۆکەخانەکەوە وترا: فڕۆکەکە دەکەوێتە ڕێ، منیش ناونیشانەکەیم لێوەرگرت، ماڵئاوایم لێکرد و لە دڵی خۆم وتم: دو سێ ڕۆژێکە و لە بیری دەچێ، ئەڵێ پاش ماوەیەکی کەم لە گەیشتنەوەم بۆ شوێنی خۆم، تەلەفۆنێکم بۆ هات تەماشا دەکەم ئەوە، ووتی: حەز ئەکەم بتبینم، ئەوەبو مەوعیدێکمان دانا و یەکترمان بینی، هەر کە چاوی پێم کەوت باوەشی پێمدا کرد و دەستی کرد بە گریان، وتی: واللە لەو ڕۆژەوە بە ئیسراحەت نەخەوتوم، خەو لە چاوم ناکەوێ بە کەمی نەبێت! چی بڵێم بە خوا لەو ڕۆژەی کە پرسیارم لێدەکات: زینات کرد؟ بڵێم: بەڵێ خوایە بەم پێیانەی خۆم ڕۆیشتم بۆ زیناکردن؟؟!! وتم: خوا ڕەحمەتی فراوانە. وتی: نەهاتوم بۆ سەردانی کردنت، هاتوم بۆ ماڵئاوایی لێکردنت، ناتبینمەوە لە بەهەشت نەبێت ئەگەر خوا ڕەحمی پێکردم، وتم: خێر بۆ کوێ دەڕۆی؟ وتی: دەمەوێ خۆم ڕادەستی دادگا بکەم ودان بە تاوانەکەمدا بهێنم، تا حەددی خوام لەسەر جێبەجێ بکرێ، وتم: لەخوا بترسە! ئەی تۆ نازانی حەددی زیناکەر بەرد باران کردنە تا مردن، ستری خۆت و خێزانەکەت بکە، تۆ خێزانداری، ستری هاوڕێکانت بکە، وتی: کەسیان لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارم ناکەن! ئەڵێ: کە بینیم زۆر سورە وپاشگەز نابێتەوە، وتم: باشە بەڵێنێکت لیوەردەگرم، وتی: بەس نەڵێی خۆت مەدە بە دەستەوە، وتم: ئەوە ناڵێم، پێم وت: دەستم بەرێ وگفتم پێ بدە، ئەڕۆین سەردانی فلاَن زانا دەکەین، کە یەکێکە لە زانا پایە بەرز و خوا ناسەکان، ئەو هەرچی وت بە قسەی دەکەین، ئەگەر وتی: خۆت بدە بە دستەوە، بە دەستی خۆم دەتبەم تەسلیمت دەکەم، ئەگەریش وتی: نابێ خۆت تەسلیم بکەی پێویستە بە قسەی بکەی، وتی: باشە ڕازیم.

ئەڵێ: کە چوم سەردانی ئەو زانا بەڕێزەم کرد وباسەکەم بۆ گێڕایەوە، وتی: با خۆی تەسلیم نەکات، هەروەها پێی وتم: ئەو گەنجە بێزاری کردوم ئەوەندە تەلەفۆنی بۆ کردوم، پێم وتوە: خۆت تەسلیم مەکە و لە نێوان خۆت و

خوادا تەوبە و داوای لێخۆشبون بکە، پەروەردگار لە تاوانەکان خۆش دەبێ. ئەڵێ: وتی بۆ ئەوەندە ئازاری ئەو زانایەت داوە؟ وتی: ویستم ڕازی بکەم و خۆم لەو ئازار و نارەحەتیەی دڵ ڕزگار بکەم. ئەڵێ: لەو قسانەی کە ئەو گەنجە بە زاناکەی وتبو: ئەی مامۆستا لە خوا بترسە، لە قیامەتدا یەخەت دەگرم ئەڵێم پەروەردگارا ویستم خۆم بدەم بە دەستەوە ئەم مامۆستایە نەیهێشت، مامۆستاکەش وتی: ئەمە ئەوەیە کە پێی دەگەمەوە بە خوا، فەتواشم بۆ نەداوی بە عیلمەوە نەبێت.

ئەڵێ: پاشان پێی وتم: من ماڵئاواییت لێدەکەم، وتم: بۆ کوێ؟ وتی: بۆ حەج ئەڕۆم -جا ئەوکاتە نزیکی حەج بو-، داوام لێکرد لەگەڵ ئێمەدا حەج بکات، وتی: نا، جا من وامزانی هاوسەفەری تری هەیە و ئەیەوێت لەگەڵ ئەواندا بڕوات، ئەڵێ: ڕۆیشتین بۆ حەج، دووەم ڕۆژی جەژن بوو لە دورەوە بینیم، بانگم کرد: «ئەحمەد، ئەحمەد» -جا ناوی ئەحمەد بو-، ئەڵێ: ئاوڕی دایەوە وکە منی بینی ڕوی وەرگێڕا و ڕایکرد، وتم: سبحان الله! تۆ بڵێی ئەحمەد لەبەر چی وایکرد، چی دڵی گۆڕی بێ لە ئاست من؟! وتم: بەشکو گەڕامەوە لە «ڕیاز» بینیم لێی دەپرسم، کە گەڕاینەوە بینیم و پێم وت: ئەحمەد ئەوە بۆ بانگم لێکردی خۆت لێونکردم، وتی: حەزم کرد بە تەنها بم، بە تەنها حەجم کرد لەسەر پێی خۆم هەمو شەعیرەکانم ئەنجامداوە، بەڵکو خوا ببینێ بە پێ لە میناوە دەڕۆم بۆ عەرەفە، یان دەڕۆم بۆ موزدەلیفە، یان بۆ ڕەمی جەمەرات، بەڵکو خوا ببینێ و بەزەیی پێمدا بێتەوە، وتم: ئەی کە بانگم لێکردی ڕاتکرد؟ وتی: سەرقاڵی استغفار کردن بوم، سەرقاڵی داوای لێخۆشبون کردن بوم لەو تاوانەی کردبوم. لە حەجەکەیدا جارێك دەیوت: دەترسم بە هۆی شومی تاوانەکەمەوە خوای گەورە لەوانەی دەوروبەریشم خۆش نەوێ، جاروباریش دەیوت: بەڵکو خوا بەهۆی ئەم نوێژکەر و خواناس و تەسبحات کارانەوە لێم خۆش ببێت

جا پێم وت: بۆ نایەی لەگەڵماندا لە کۆڕ و دەرسەکان ئامادە بیت، لەگەڵ ئەو مامۆستایانە دانیشیت و لە زانستی شەرعی سود وەربگری، وتی: نەخێر، ئێوە پاکن و من پیس و زیناکارم، نامەوێ ئێوەش پیس بکەم بە زیناکەی خۆم.

تەماشا بکەن چۆن ملکەچ و زەلیل بووە، کاتێك تاوان کەسێك توشی ملکەچی و زەلیلی دەکات، زۆر لە عابدێك باشترە کە بە هۆی عیبادەتەکەیەوە توشی فیز و لوت بەرزی ببێت، نوزەی گریانی تۆبەکاران خۆشترە لە تەسبیحاتی عابیدانی خۆ بەگەورەزانان.

ئەڵێ: ئەم تۆبەکارە دوای حەجکردنەکەی زیاتر مولەتەزیم بو دینەوە و تەنانەت قورئانی لەبەر کرد و ڕۆژ نە ڕۆژێکیش بە ڕۆژو دەبو.

ئەڵێ: پەیوەندی نێوانمان توند وتۆڵ بو، سەردانی یەکترمان دەکرد و هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و بەردەوام بوین لە دەرسەکان، کە ئەو ماوەیە مامۆستا باسی ژیاننامەی پیاوچاکانی دەکرد، لەو چیرۆکانەی کە مامۆستا لە مەجلیسەکەدا باسی دەکرد، چیرۆکی ڕەبیعی کوڕی خوسەیم «الرَّبِيعُ بنُ خُثَيْم» بو، ئەو گەنجەی کە تەمەنی سی ساڵی تێنەپەڕاندوە، خواناس، دیندار، ڕو لە مزگەوت، لە خوا ترس، بەڵام ئەو شوێنەی ئەوی تێدابوو کۆمەڵێك

خوانەناس و خراپەکار و مونافیقی تێدا بو -وەکو چۆن لە هەمو شوێنێك هەمو ڕو لە خوایەك هەندێك لەو خەڵکە خراپەی هەر بەر دەکەوێت فمستقل ومستکثر-، جا وتیان: با پیلانێك بۆ لە خشتەبردنی ڕەبیع دابنێین، وتیان: جا چی بکەین؟ وتیان: ئەچین بۆلای «غانیە» -کە ئافرەتێك بوو ئەوەندە جوان بو پێیان دەوت غانیە، غانیەش واتە: پێویستی بە خۆ جوانکردنەوە نیە ئەوەندە جوانە-، جا ڕۆیشتن بۆ لای و وتیان: ئەوە هەزار دینار بۆ تۆ، لەسەر چی؟ بەس بە مەرجێ ڕەبیع ماچێکت بکات، ئەگەر ماچێکی کردی ئەوە هەزار دینار بۆ تۆ!! ئەویش وتی: دوو هەزار بۆ ئێوە ئەگەر کەمترین شتم لەگەڵ بکات. ئەڵێ: ڕۆیشت خۆی بۆ ئامادەکرد و کاتێکی گونجاوی بۆ دیاریکرد و چوە بەردەمی ڕەبیع و خۆی پیشانی ڕەبیعدا و هەموو جلەکانی لەبەر خۆی لادا، بەڵام ڕەبیع یوسف -علیە السلام- ئاسا کە وتی: ﴿قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ﴾ «پەنا بە الله، ئەی چی بڵێم بە پەروەردگارم کە ڕێزی لێناوم، چۆن دەست دەبەم بۆ حەرامکراوەکانی»[١٤]، بە ئافرەتەکەی وت و هاواری کرد بەسەریدا: لە خوا ناترسی؟! چی دەکەی ئەگەر ئیستا لاشەت گەڕ بێت و ئەو جوانیەی کە هەتە بڕوات؟! چی دەڵێی ئەگەر ملك الموت دابەزێت و پەتی ژیانت بپچڕێنێت، ئەی چی ئەڵێ کە نەکیر و مونکەڕ پرسیاریان لێت کرد؟! هەر ئەوەندەی وت ئافرەتەکە دەستی کرد بە هاوار کردن و وتی: «حسبی حسبی» بەسمە بەسمە، ئەوەبو پەشیمان بویەوە و دەستی کرد بە عیبادەتکردنی خوا، تا وای لێهات ناونرا بە «عابدة الکوفة» «خوا پەرستەکەی کوفە»، ئەو فاجر و فاسیقانە وتیان: بەڕاستی ڕەبیع ئەویشی لێخراپکردین و ئەویشی لێتێکداین!!

ئەڵێ: کە ئەحمەد کە گوێی لەم چیرۆکە بوو دەستی کرد بە گریان و وتی ڕەبیع دەڕۆن بۆلای و وەڵامیان ناداتەوە، بەڵام من بە پێی خۆم دەڕۆم بۆ لایان، ئەو بەردەمی لێدەگرن و دەڵێ: نەخێر، بەڵام من بە پێی خۆم دەڕۆم بۆ زینا کردن، ئەڵێ: بە گریان و دڵشکاوی و دڵتەنگیەوە مەجلیسەکەی بەجێهێشت.

ئەڵێ: جارێکیان یەکێك لە زانایانم بینی باسی چیرۆکی ئەحمەدم بۆ کرد، کە چەند ملکەچ و هەمیشە خەریکی قورئان وخویندن و ڕۆژو گرتنە، وتی: بەڵکو ئەو زیناکردنەی ببێتە هۆی چونە بەهەشتی، وا دەزانم هەندێك ئایەت بۆ بۆ ئەو کورە زۆر گونجاوە و لەسەر ئەو جێبەجێ دەبێت، خوا سبحانە وتعالی دەفەرموێ: **﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا * إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا * وَمَنْ تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَابًا﴾** پەروەردگار باسی سیفاتی عباد الرحمن دەکات، سیفاتی بەندەکانی خۆی، جا لەو سیفاتانەیان ئەوەیە: هاوار لە غەیرە خوا ناکەن، نەفس ناکوژن بە ناهەق و حورمەتی نەفس ڕادەگرن، زیناش ناکەن، هەرکەسێکیش ئەوە بکات دەخرێتە ناو دۆزەخەوە بە هەتا هەتایی بە سەر شۆڕ تێیدا دەمێنێتەو، مەگەر کەسێك کە تەوبە بکات، وئیمان بهێنێت و کار و کردەوەی چاك ئەنجام بدات، ئا ئەوانە خوا سبحانە وتعالی چیان بۆ دەکات؟ تەماشای بەزەیی و

[١٤] ئەمە لەسەر ئەو تەفسیرەی کە «رب» لێرەدا: مەبەست پێی الله یە، وتراویشە مەبەست پێی عزیزی میسرە، هەردوکیشیان هەڵدەگرێت ماناکەی والله أعلم.

میهرەبانی رب العالمین بکەن: «خراپەکانیان بۆ دەگۆڕیت بە چاکە»، زیناکەی بۆ دەگۆڕێت بە چاکە؟ بەڵێ، دەیگوڕێت بە چاکە.

ئەڵێ هەر کە بیستم سەیرم لێهات، وتم: چۆن تا ئێستا لەم ئایەتە بێ ئاگابوم؟!! ئەڵێ: ڕاستەوخۆ چوم بۆ ماڵیان، بۆ کۆشکە جوانەکەی ماڵ باوکی ئەحمەد، پێیان وتم: ئەحمەد لە ماڵ نیە و لە مزگەوتدایە، ڕۆیشتم تەماشا دەکەم، گەردنکەچانە خەریکی خوێندنەوەی قورئانە، وتم: مژدەیەکم پێیە بۆت، وتی: چیە؟ وتم: ﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ﴾ ئەڵێ کە گەیشتمە ئەم ئایەتە ئەڵێی بە چەقۆ دات لە جەرگی، بەردەوام بوم لە خوێندنەوە ﴿وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا * إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ هەرکە تەواوم کرد خۆی بۆم فڕێدا و باوەشی پێمدا کرد وسەری ماچ کردم، وتی: واللە هەمو قورئانم لەبەرە، ئەڵێی تا ئێستا ئەم ئایەتەم نەبینیوە، بەڕاستی دەرگایەکی گەورەی هیوات بۆ کردمەوە، بەڵکو بەهۆی ئەم ئایەتەوە خوا بەزەیی پێمدا بێتەوە و لێم خۆش بێت.

ئەڵێ کاتی نوێژی مەغریب هاتو، هاتن نوێژ دابەستن ئیمامی مزگەوتەکە نەهاتبو، بانگ خوێنەکە ئەحمەدی خستە پێشەوە، ئەڵێ: اللە أکبری کرد و سورەتی فاتیحای خوێند و دەستی کرد بە خوێندنی ﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا * إِلَّا مَنْ تَابَ﴾ کە گەیشتە ﴿إِلَّا مَنْ تَابَ﴾ ئەوەندە گریا نەیتوانی ئایەتەکە تەواو بکات و ڕۆیشتە ڕکوع، کە بۆ ڕکاتی دووەم هەستایەوە دیسانەوە ئەو ئایەتەی خوێندەوە، کە گەیشتە ﴿إِلَّا مَنْ تَابَ﴾ دیسانەوە ئەوەندە گریا نەیتوانی ئایەتەکە تەواو بکات و ڕۆیشتە ڕکوع و نوێژەکەی تەواو کرد، ئەڵێ لەسەر ئەم حاڵەتە ماینەوە تاوەکو ڕۆژێك لە ڕۆژان هات، ڕۆژی هەینی لە پشوی بەهاردا، ساڵی ١٤٠٩کۆچی[15]، ڕاستەوخۆ پاش نوێژی عیشا تەلەفۆنێکم بۆ هات، وتی: من باوکی ئەحمەدی هاوڕێتم، کارێکی زەرورم پێتە و خێرا وەرە بۆلام، ئەڵێ: خێرا کەوتمە ڕێ و ترسام شتێك ڕویدا بێت، کە گەیشتمەی کۆشکەکەی ماڵی باوکی تەماشا، دەکەم باوکی لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە و چاوەڕێمە، وتم: چی بوە، وتی: هاوڕێکەت داوای لێبوردنت لێدەکات، ماڵئاوایی لێدەکات بۆ ئاخیرەت، مەغریبی ئەمڕۆ گەڕایەوە لای پەروەردگاری، پاشان باوکی دەستی کرد بە گریان، پاشان ڕۆیشتمە ماڵەوە، وبردمیە ژورێکەوە تەماشا دەکەم ئەمە ئەحمەدە هەڵیان ژاندوە و بان چاویان داوە، بان چاویم لادا، واللە نورم بینی نور، نور لە نێو چاوانی دەباری لە جوانی و درەوشاوەیی، زۆر لەوە و پێش جوانتر بو، ئەڵێ: باوکی وتی توخوا ئەم کوڕەم چی کردبو؟ بۆ لەم سەفەرەی هاتەوە ئەم کوڕە توشی ئەم حاڵەتە بوو؟ ئەڵێ: منیش بەڵێنمدا بو باسی لای هیچ کەسێك نەگێڕمەوە، جا وتم: خۆشەویستێکی لە دەستدابوو، هەرواش بوو، چونکە ئەو ئیمانە عەزیزەی لە دەستدابوو، ئەڵێ: خێزانەکەی وتی واللە لەو ڕۆژەوە کە لەو سەفەرەی هاتۆتەوە هەرگیز بە ئیسراحەت نە خەوتووە.

---

[15] واتە: ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠

وتمە باوکی چیرۆکی مردنی ئەم کوڕە چۆن بو بۆم بگێڕەوە، وتی: وەك خۆت دەزانی ئەم کوڕە رۆژ نە ڕۆژێ بە ڕۆژو دەبوو، ئەمڕۆ ڕۆژی جومعە بە ڕۆژو بوو، لە مزگەوت هەر نەهاتەوە و هەر دەپاڕایەوە بە ئومێدی بەر ئەو ساتە بکەوێت کە دوعای تێدا گیرایە، تۆزێك پێش مەغریب ڕۆیشتم بۆلای وتم: ڕۆڵە گیان! وەرەوە لە ماڵەوە بەربانگ بکەرەوە، وتی: بابەگیان هەست بە ئاسودەییەکی زۆر دەکەم و زۆرم لێمەکە، وتم: ڕۆڵە گیان! وەرەوە لە ماڵەوە بەربانگ بکەرەوە، وتی: بابەگیان شتێکم بۆ بنێرن لێرە بەربانگ دەکەمەوە، دوای نوێژی عیشا دێمەوە، وتی: ڕۆڵەگیان کەیفی خۆتە. باوك ئەڵێ: کە هاتمەوە دوای نوێژ هەستم بە شتێکی سەیر کرد لە ناخمدا و ئاسودە نەبوم کوڕە بچکۆلەکەمم نارد، وتم: بڕۆ بۆ مزگەوت بزان دەنگوباسی براکەت چۆنە، ئەڵێ: منداڵەکە بە هاوەرەوە هاتەوە و وتی: بابەگیان ئەحمەد قسەم لەگەڵدا ناکات، باوکی ئەڵێ: منیش بە خێرا ڕۆیشتم بۆ مزگەوت، تەماشا دەکەم ئەمە ئەحمەدە ڕاکشاوە و لە دوا ساتەکانی ژیانیدایە، شانی دابو بە شتێکەوە کە ئیسراحەتی تێدا دەکرد و پشتی پێدەدایەوە، منیش پشتێکەم لادا و شانیم دابە خۆمەوە، تەماشا دەکەم ناوی مامۆستا ئەحمەد دەهێنێت، وەك ئەوەی وەسیەتی سەلام لێکردنی بکات، پاشان لەو دوا ساتانەی ژیانیدا بزگەیەك گرتی، و واللە هەرگیز نەمبینیوە بەو شێوە پێ بکەنێت دوای گەڕانەوەی لەو سەفەرە، پاشان ئا لەو ساتانەدا دەستی کرد بە خوێندنی: ﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ * وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا * إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ﴾، ئەڵێ: کە گەیشتە ئێرە ئیتر ڕوحی دەرچو. پاشان باوکی وتی: واللە نازانم بۆ ئاخر خێریەکەی بگیرم، یان بۆ لە دەستدانی جگەر گۆشەکەم. بۆیە ئەم چیرۆکە ئەبێتە مایەی باش بونی خانەوادەکەیی و براکانی و هاوڕێکانی.

## لە کۆتاییدا

ڕاکە و بڕۆ بەرەو خوا.. ڕاکە لە دەست هەوا و ئارەزوو.. ڕاکە لە دەست سەرپێچیکردن.. ڕاکە لە دەست تاوان.. ڕاکە لە دەست شوبوهات.. ڕاکە لە دەست شەهەوات.. ڕاکە لەدەست دونیا هەمووی.

ڕووبکە پەروەردگارت، بگەڕێوە، پاشگەزبەوە، پەشیمان بەوە، تەوبە بکە، با تاوانەکانیشت زۆر بن، با گەورەش بن، چونکە پەروەردگار بە شەو دەستی ڕادەخات تا ئەوانەی بە ڕۆژ تاوانیان کردوە تەوبە بکەن و ئەویش لێیان خۆش بێت، بە ڕۆژیش دەستی ڕادەخات تا ئەوانەی بە شەو تاوانیان کردوە تەوبە بکەن و ئەویش لێیان خۆش بێت.

دە برام.. خێراکە، خوشکم هەستە بەرەو ڕەحمەت و لێخۆشبویی خوا، پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ.

داواکارم لە پەروەردگار من و تۆش لەوانە بگێڕێ کە بەڕاستی تەوبە دەکەن، بەڕاستی ڕوو دەکەنە خوای پەروەردگار، بەڕاستی بۆ خوا دەسوڵحێن، خوای مەزن ئەم کارە بۆ من و نوسەرە بەرێزەکە و بۆ تۆی خوێنەریش

